ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

# کتێبێکی نوێی حەمە مەنتک لەبارەی (هونەرەکانی چیرۆکنووسین)



■ ئا: ئەدەب و کولتوور


(هونەرەکانی چیرۆکنووسین) کتێبێکی نوێی نووسەر حەمە مەنتکە و بەم نزیکانە لەلایەن کتێبخانەی مێخەک بڵاودەبێتەوە.

ئەم کتێبە قسەکردنە لەبارەی بیستوشەش هونەری نووسینی چیرۆک. حەمە مەنتک دەڵێت: "ئەو هونەرانەم لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بەرباس داوە. کتێبێکە خوێنەر دەتوانێت چیرۆکی هونەری لە چیرۆکی ناهونەری جودا بکاتەوە. دەتوانم بڵێم خوێنەر ڕادێنێت لەسەر ئەوەی چیرۆک بناسێت".

هەروەها دەڵێت کە شارەزایی لەبارەی ئەو هونەرانە کۆمەکی باشی هەر کەسێک دەکات، بیەوێت چیرۆک بنووسێت.

ئەم کتێبەی مەنتک دووەم کتێبی ئەوە لە ماوەی ئەمساڵدا بڵاودەبێتەوە، هاوکات حەوتەمین کتێبی ئەویشە لە بواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی.

# کتێبێک دەربارەی "کورد لە مێژووی تەبەریدا"



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

یەکێک لە کۆنترین کتێبە مێژووییەکان (تاریخ الرسل و الملوک) کە لە نووسینی ئەبوو جەعفەر محەممەد ئیبن جریر تەبەرییە، بەشێکی کە تایبەتە بە کورد، وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

تەبەری بەشێک لە کتێبە مێژووییەکەی تایبەت کردووە بە کورد، وەرگێڕی کورد ئەمین نارۆزی ئەو بەشەی بەناونیشانی (کورد لە مێژووی تەبەریدا) وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی. کتێبەکە کە لە 184 لاپەڕە پێکدێ، لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەبوو جەعفەر محەممەد بن جەریر بن یەزید بن خالید تەبەری (224-310 کۆچی/839-923 زاینی) یەکێک لە دیرۆکناسە بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلامە. خاوەنی پەرتووکی (تاریخ الرسل) یان (تاریخ الامم و الملوک) واتە دیرۆکی پێغەمبەران یان گەل و پاشایانە.

کتێبە مێژووییەکەی تەبەری کە لە 10 بەرگ پێکهاتووە، لە دیرۆکی ئیسلامدا بە یەکێک لە متمانەپێکراوترین ئەو پەرتووکانە دادەنرێ کە لەبارەی مێژووی ئیسلامەوە نووسراون.

# سێزدەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب دەکرێتەوە



■ ئا: شکار ئەحمەد

ڕۆژی 10/10/2018 لە هەولێر سێزدەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، بە بەشداریی سەدان خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە دەکرێتەوە.

هەردی عومەر، بەڕێوەبەری کارگێڕیی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵانە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب لە مانگی نیساندا دەکرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕی، کردنەوەی پێشانگاکە کەوتە مانگی ئۆکتۆبەر. بڕیارە پێشانگاکە لە 10/10/2018 تاوەکو 20/10/2018 بەردەوام بێت، بەڵام ساڵی داهاتوو لە مانگی نیساندا دەکرێتەوە.

هەردی عومەر ئاشکرای کرد کە زیاتر لە 300 خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی 17 دەوڵەت بە 500 هەزار ناونیشان بەشداری لە پێشەنگاکەدا دەکەن. لەوانەش خانەی چاپ و بڵاوکراوەکانی میسر، لوبنان، سوریا، ئوردن، تورکیا، ئێران، فەرەنسا، بەریتانیا و چەند دەوڵەتێکی دیکەش. هەروەها زیاتر لە 20 خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیش لە پێشانگاکەدا بەشدار دەبن.

چاوەڕێ دەکرا بەهۆی دابەزینی بەهای تمەن و لیرەی تورکی، ژمارەیەکی زۆر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تورکیا و ئێران بەشداری لە پێشانگاکەدا نەکەن، بەڵام هەردی عومەر دەڵێت: "لەبەرئەوەی کۆمپانیا و خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئێرانی و تورکی لەلایەن وڵاتەکانیانەوە هاوکاری دەکرێن، بۆیە دابەزینی نرخی تمەن و لیرە کاریگەری لەسەریان نییە و وەکو ساڵانی ڕابردوو بەشداری دەکەن".

لە پێشانگاکەدا چەندین چالاکی جۆراوجۆری دیکەش دەکرێن، هەردی عومەر دەڵێت: "چەند چالاکییەکی وەک کۆڕی شیعری، پانێڵی ڕۆشنبیری بۆ بیرمەند و ڕۆشنبیرانی ناوخۆ و دەرەوە دەکرێ، ڕۆژانەش دیبەیتی ڕۆشنبیری و زانستی بۆ منداڵان لەنێو پێشانگاکەدا دەکرێن".

# شۆڕش حاجی کتێبێك لەسەر "ناسیۆنالیزمی کوردی" بڵاودەکاتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

د.شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان کتێبێک لەژێر ناوی (ناسیۆنالیزمی کوردیی پەرچەکردار- ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس- ڕووداوەکانی 1963-2003) چاپ و بڵاودەکاتەوە.

کتێبەکە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆراکەی د.شۆڕش حاجییە لە زانکۆی ئێگزیتەر لە بەریتانیا، بەڵام نووسەر تێزەکەی کردووەتە کوردی و بە دەستکارییەوە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. شۆڕش حاجی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت: "تێزی دکتۆراکەم بۆ سێ پرۆفیسۆری بەریتانی نووسیوە تاوەکو بڕوانامەی دکتۆرام بدەنێ، بەڵام ئەمەیانم بۆ ئێوە نووسیوە تاوەکو بیخوێننەوە".

هەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا، د.شۆڕش حاجی دەڵێت: "ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن کورد و خەڵکی بیانییەوە زۆری لەسەر نووسراوە، ئەم ئاوڕدانەوەیەی من لەسەر ئەم بابەتە بۆ زیادکردنی پینتێکە بۆ سەر خەرمانی باس و لێکۆڵینەوەکانی ئەو زانا و شارەزایانە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کوردی".

شۆڕش حاجی لە کتێبەکەیدا هەوڵی داوە بیسەلمێنێ کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی عێراق لە سەدەی بیست، کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەک بووە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هەوڵی عەرەبە سوننەکانی عێراق بۆ هاوشوناسکردنی عێراق و سەپاندنی ناسنامەی عەرەبی بەسەر کورددا.

ئەم کتێبە کە لە 384 لاپەڕە پێکهاتووە، لەلایەن چاپخانەی (چاپ و پخش ماد) لە تارانی پایتەختی ئێران بە تیراژی 1000 دانە چاپکراوە.



## لەناو کۆمارەوە

# سیاسەت لای پلاتۆ

شاهۆ عوسمان



**بەشی یەکەم**

(1)
د 369 **
وتم: باوەڕم وایە (دەوڵەت) کاتێک دروست دەبێت کە تاک ئیتر نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێ و پێویستییەکانی خۆی دابین بکات. ئایا تۆ جگە لەمە بنەڕەتێکی دیکە بۆ بوونی دەوڵەت دەبینیتەوە؟

(2)
د 369
_ بە دڵنیاییەوە نا.
_ یەکەم پێویستی و گەورەترینیان (خواردەمەنی)یە، چونکە خواردن هۆی زیندوویێتی و مانەوەیە.
_ بەدڵنیاییەوە.
_ دووەم پێوستی (شوێنی نیشتەجێبوون)ە، سێیەمیشیان (پۆشاک) و ئەوانەی کە وەک ئەو وان.

(3)
د 370
_ کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەوەی بەرهەمهێنانی هەر شتێک باشتر و زیاتر و نایابتر دەبێت ئەگەر هەر یەکێک ئەوە بە ئەنجام بگەیەنێت کە لەگەڵ (سروشتی خۆی) دەگونجێت.
_ بێگومان وایە.
_ کەواتە لێرەدا پێویستمان بە (چوار جۆر لە هاووڵاتی) دەبێت بۆ ئەوەی هەموو پێویستییەکانی کە باسمان کردن، بەدەست بهێنین. چونکە جووتیارێک بۆخۆی ناتوانێت گاسن و داس دروست بکات، یان هەر پێویستییەکی دیکەی تر بۆ کارەکەی، ئەگەر بیەوێت کارەکەی بە باشترین شێوە بکات. هەروەها بەننایەک ناتوانێت ئەو ئامێرانەی کە بۆ کارەکەی پێویستن خۆی دروستیان بکات. نموونەی ئەو کارانە پێویستی بە درومانی و پێڵاودروو هەیە.
_ ئەمە زۆر ڕاستە.
_ کەواتە دارتاش و ئاسنگەر و خاوەن پیشەکانی دیکە بەشدار دەبن لە دەوڵەتە بچووکەکەماندا. بەمشێوەیەش دەوڵەتەکەمان گەشە دەکات.

(4)
د 373
_ بەمشێوەیە هاوڕێکەم، لەسەرمانە چوارچێوەی دەوڵەتەکەمان ئەوەندەی دەتوانین فراوانتر بکەین. لەگەڵ بوونی سەربازێکی زۆر بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، یان ئەوەی کە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە داگیرکەران بپارێزن و دەست بەسەر ئەو شتانەشدا بگرن کە لە دوژمن بەجێدەمێنن.
_ ئەمە بۆ دەبێت وابێت، ئەی هاووڵاتیان ناتوانن خۆیان ئەم کارانە ڕاپەڕێنن؟
_ نەخێر، ئەمە نابێت، ئەگەر ئێمە لەسەر هەمان بنەما بمێنینەوە کە سەرەتا لەسەری ڕێککەوین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دروست. لەوانەیە ئەوەت لە بیر بێت کە ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین هەر تاکێک ناتوانێت لە یەک پیشە زیاتری لە یەک کاتدا هەبێت.
_ ڕاستە وایە.
_ بەڵام ئایا شەڕ پیشە و هونەر نییە؟
_ ڕێک وایە.
_ ئەمیش وەک پیشەی پێڵاودروین پێویستی بە دیقەت و هۆشیاری هەیە.
_ بێگومان وایە.

(5)
د 375
_ یان تۆ وای دەبینیت کەسێک کارەکەی وا باشتر دەکات کە چەند کارێکی پێکەوە هەبێت لەوەی تەنها بە یەک کارەوە خەریک بێت؟
_ ئەو کاتەی کە تەنها بە یەک کارەوە خەریک دەبێت.
_ لەوەش بێگومانی کە ئەگەر کارێک لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەو ئیشە بێئاکام دەبێت؟
_ ئەمە لەبەرئەوەیە، کار چاوەڕێی کرێکار ناکات، بەڵکو دەبێت کرێکار چاوەڕێی کار بکات و بیکاتە ئامانجی خۆی.

---

# هەنگاو هەنگاو لەگەڵ شێخی مەزن و هەستکردن بە "مەرگێکی بچووک"



ئەوەی هەر زوو لە لاپەڕەکانی سەرەتای ڕۆمانی "مەرگێکی بچووک"* دا سەرنجی ڕاکێشام، ئەو ڕستەیەیە کە وەرگێڕ نووسیویەتی: "لە ئیبن عەرەبییەوە بۆ مەلای جزیری پێشکەشە"، ئاخر لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا شاعیرانی وەکو مەلای جزیری و مەولەویی تاوەگۆزی زۆر کەمن، کە بەو قووڵییە بە ناخی سۆفیگەری و عیرفاندا ڕۆچووبن و هاوکات هێندە بە سانایش خۆبەدەستەوە نەدەن، یان وەکو حەیدەر عەبدوڵڵا لە پێشەکی ئەم ڕۆمانەدا لەبارەی ئیبن عەرەبییەوە دەڵێ: "دەربڕینەکانی ئەو، دوای توێکڵکردن ئاڵۆزییان دەردەکەوێت و بیرکردنەوە سڕ دەکەن...ل 6". مەلای جزیریش لەم جۆرەیە و کارێکی وردە لە ڕیزی کەسانی وەکو ئیبن عەرەبی دابنرێت، نەک بۆ نموونە سۆفییەکی وەکو مەولانای ڕۆمی، هەڵبەت گومان لە گەورەیی مەولانای ڕۆمی ناکرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە مەولانا بەراورد بە کەسانێکی وەکو ئیبن عەرەبی و مەلای جزیری ئاسانتر خۆی بەدەستەوە دەدات و هەموو کەسێک لە هەموو ئاستێک دەتوانێ گوفتار و شیعرەکانی وەرگرێ و ببەر بەژنوباڵای خۆیدا بکات، کەچی ناتوانرێ ئەمە لەگەڵ کەسانی وەکو مەلای جزیری و ئیبن عەرەبیدا بکرێ، هەر بۆیەش دەبینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە ڕووکەشگەراکان، پڕن لە وتە و گوفتارەکانی مەولانا و کەم کەس دەوێرێ خۆی لە مەلای جزیری و ئیبن عەربی و هاوشێوەکانیان بدات، یان ڕاستتر کەسانی کەمتر دەتوانن تێیبگەن و خەڵکیشی لێ تێبگەیەنن.

هەڵبەت سۆفییەکان کە دەگەنە ئاستی کەشف و ئاستێکی بەرزی تەریقەت، بەبێ سڵەمینەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەوان لە زۆرێک لە ڕەمزە ناودار و ئاینییەکانیش باڵاترن و گوێ بەوە نادەن کە بە لووتبەرز ناوببرێن، چونکە لە بنەڕەتدا خاکەڕایی ئەوان لە دنیای مرۆیاندا سەلماوە و ئەوان زۆر حیساب بۆ بۆچوونی خەڵکان ناکەن کە هەرچییەکیان پێ بڵێن، ئەوەی کار لەوان دەکات بیروباوەڕ و قاڵبوونەوەیانە لە زیکر و فیکری خودا، بۆیەش ئەگەر بیانەوێ قسەیەک بکەن، گوێ بەوە نادەن لای خەڵک بە لووتبەرزی لێکدەدرێتەوە، یان بە سووک تەماشا دەکرێن، یاخود هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو "خدری زیندە" لە هەندێ گێڕانەوەی ئایینیدا سیمبولی نەمری و پیاوچاکییە و لەم ڕووەوە لە پاش پێغەمبەران کەس لەو گەورەتر نییە، کەچی ئەوەتا مەلای جزیری (1570-1640ز) دەڵێت:

**ئەز گەهام ئاڤا حەیاتێ خەف ژ دل**
**خوزر ڤاژی چوویە حەیوانێ غەڵەت**

واتا: "من بێ ئەوەی کەس بزانێ، لە ڕێگەی دڵی خۆمەوە، تووشی ئاوی حەیاتێ بووم، دیارە خدر کە لە دنیا بۆی گەڕاوە، بەراوەژی لێی تێگەییوە و هەڵە بووە" {دیوانی مەلای جزیری: شەرحی هەژار

---

# ناسینەوەی خود لە بەربەرەکانەی ئەز

فریا یونسی



پاش ئەوەی توانیمان باری مەعنایی وشە و ئەو فرسەتەی بۆ هێنانەوەی مەعنا، دەیڕەخسێنێ، بەراوردێک بکەین؛ ئەمجارە لایەک لە هاتنەوەی مەعنا دەکەینەوە و بۆ ئەوەی بزانین دیاردەکانی مەعناناسی لە دەقێکی فۆرمالیستیدا چۆن دێنە مەیدانەوە و چلۆن دەتوانین ئەو بازنە نادیارانەی مەعنا لە توێی چەند دێڕدا بناسینەوە، پێویستە بزانین کە تەنها ئەدەبیاتی فۆرمالیستی خوڵقێنەری مینیماڵیزم نەبووە و ئەم ژانرە ئەدەبییە پڕ بەهایە لە زووەوە لەناو ئەدەبیاتی گەلانی جیهاندا سەری هەڵداوە و بێگومان بەمزووانە ئاوڕ لە هەموو ئەو پێوەرانە دەدەینەوە کە بوونە هۆی خوڵقاندنی مینیماڵیزمی ئەم دەورانەی ئێمە. ئەدەبیاتی ئێرانی و هایکۆی ژاپۆن و عیرفانی بوودایی و... زۆرێک لەو ڕوانگە ڕۆژهەڵاتییانە لە دەسپێکی مینیماڵیزمدا، نەقشێکی ئەوتۆیان هەبووە. بەڵام، بە پێویستی دەزانم وەکوو مینیماڵیزم لە داستاندا، بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕوانگەی ئەرەستوو لەسەر داستان و کاریگەرێتی ئەو ڕوانگە دێرینە لەسەر ئەدەبی چیرۆکنووسی کە: هەمیشە دەیپرسی بۆچی کاتێک جەنازەیەک لەسەر شەقام دەبینین، بە جۆرێک ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەڵام کاتێک لە بەرهەمێکی داستانیدا، سەحنەیەکی مەرگ دەخوێنینەوە، جۆرێکی دیکە هەڵوێست دەگرین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە: لە ژیانی واقیعدا کاتێک لەسەر شەقام چاومان بە جەنازەیەک دەکەوێت، خێرا خوێنمان، ئادێرناڵینێک دەدەڵێنێ کە لەجێی خۆماندا شۆکمان دەکات و ڕەنگەش هاوار بکەین: ئەی هاوار! فریاکەون کەسێک مردووە... بۆیە هەر ئەو پێشهاتە واقیعە ڕەنگە ماوەیەک فکرمان داگیر بکات و جاروباریش بیر لە مەرگی خۆشمان بکەینەوە، بەڵام دوای ماوەیەک هەموو شتێک فەرامۆش دەکەین. بەڵام لە بەرهەمێکی داستانیدا کە ژیانی فکریی نووسەرێکە لە توێی دەقدا و بە پیشاندانی هەست و هەڵوێستەکانی لە بەرابەر واقیعێکی وەکوو مەرگ، ئیتر ئێمەی خوێنەریش لەگەڵ فکری نووسەر، یان باشترە بڵێین لەگەڵ ئیدەی دەقدا خێرا دەکەوینە موکاشەفە و بە وردبوونەوە لە دەق و چوونە پێشەوە بەناو دیاردە مەعنا دەهندەکانیدا، خۆمان کەشف دەکەین و دەناسینەوە. جا ئێستا هەر ئەم باسە لەسەر چیرۆکنووسی لە ڕوانگەی ئەرستووەوە، دەگوازینەوە بۆ سەر چیرۆک لە ڕوانگەی مینیماڵیزمەوە.

ئیتر تائێستا زانیومانە و دەشێ زانیبێتمان کە مینیماڵیزم هەلێکە ڕەنگە لە درێژەی ڕۆژێکدا یان مانگ و ساڵ و ساڵانێکدا، بە چەند چرکە خوێندنەوەی دەقێک، بە ئێمە بدرێت بۆ ئەو موکاشەفەیە. چونکە ئینسانی ئیمڕۆ بەرهەمی پەلە و پەردە دیجیتاڵییەکانە لەسەر هۆش و هزری پەلەیەتی خێرا بگاتە ئەو ئاستەی وا دێرزەمانێکە لە هەوڵدایە چی پەردەیە دڕاندبێتی و هەر خۆی دەزانێ ئەم بزافتە چییە و چۆن ڕوودەدات. لێرەدایە داستانێکی مینیماڵیستی دێتەگۆڕێ و بە هەلێک، دەرەتانێک کە تێیدا داڕێژراوە بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی مەعناکان، فریای ئینسان دەکەوێت و مەعناپژێنی دەکات بە پانتایی ڕوحیدا. بۆیە ئیمڕۆ لە پاش ئەو مێعمارییە بێوێنەیەی نووسەرانێکی وەکو کافکا، بێکت و... لەگەڵ چیرۆکدا و لە ساختمانی مینیماڵیزمدا کردیان، مینیماڵنووسانی دنیای وادار کردووە کە زیاتر لەسەر ئەو بیچم و بنەمایەی وا کافکای مێعمار بۆ چیرۆکنووسی دایمەزراند و بەرهەڵستی پلاتەکان بوو، کە ئیتر نەهێڵێت خۆ بکەنەوە بەناو ساختمانی چەندین نهۆمی بۆ نموونە ڕۆمانێکدا و زۆر بوێرانە هێشتی ببنە مینیماڵ، بەرەوپێش بڕۆن و ڕێگەیەکی زیاتر بکێڵن بۆ مینیماڵنووسی. نووسەری ئیمڕۆ زۆر خاکەڕایانە خەریکە کەشفی ئەوە دەکات کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی لە مێژە لە نێوان خێر و شەڕدا ڕوودەدات و هەمیشە مرۆڤی کردووە بە قوربانی، لەڕاستیدا بەرەنگاربوونەوەیەکی نەفس (Ego) و ڕوح (Self)ە و هاکا ئینسان بە مینیماڵێک توانیی کەشفی ئەم کێشمەکێشە کوشندەیەی نێوان خۆی و مانایەکی مودێرنکراوەی "خودا" بکات. ئیمڕۆ ئیتر نووسەری مینیماڵنووس، ئەو کارەی کە شەمسی تەورێزی و مەولانای ڕۆمی یان عارفێکی سەد ساڵ سووچنشینی پەرستگەیەکی بوودا، لە وتارەکانی شەمسدا بە گێڕانەوەی حەکایەتە تەمسیلییەکان، لە مەسنەویدا لە توێی بەیتە بێ پەردەکاندا و

---

## سزا

ستیڤان لاکێر



قورسترین سزایەک کە خواوەندەکانی یۆنانی کۆن، دەیانتوانی بەسەر سیزیڤیدا بسەپێنن، ئەوە بوو کە واداری بکەن هەمیشە کارێکی بێهوودە بکات. سیزیف مەحکوم کرابوو کە تا ئەبەد، تاشە بەردێک بە سەراولێژییەکی رژددا هەڵبگێڕێت. ماوەیەکی زۆری پێچوو سیزیف هەر بەردەوام خەریکی هەڵگێڕانی ئەو تاشە بەردە بوو بە سەراولێژییە رژدەکەدا تا دەگەیشتە لوتکەی بەرزاییەکە و لەوێوە تاشە بەردەکە خلۆر دەبووەوە و دەکەوتەوە ناخی دەربەندەکە. کەچی خواوەندەکان لە بیریان چووبوو کە بەردەکە بە تێپەڕبوونی زەمان دەسوێت. لە سەد ساڵی یەکەمدا، لێوارە تیژەکانی تاشەبەردەکە کە دەستەکانی سیزیڤیان هەراش کردبوو، ساف و لووس بوون. لە پێنسەد ساڵی دوای ئەوەشدا، ڕەپی و دەرپەڕیوییەکانی بەردەکە وەها ساف و لووس بوون تا وای لێهات سیزیف، تاشە بەردەکەی دەتلاندەوە و بە ئاسانی لەگەڵ خۆی هەڵیدەگێڕا. لە هەزار ساڵی دوای ئەوەدا، تاشە بەردەکە هەر بچووک و بچووکتر بووەوە و نشێوە رژدەکەش هەر دەهات و تەختتر دەبوو. ئێستاش ئیتر سیزیف، ئەو کوتە بەردە وردیلەی کە ڕۆژگارێک تاشەبەردێک بوو، لەگەڵ قورسە ئارامکەرەوەکانی و کارتی دراوەکەی، پێکەوە دەیانخاتە کیفێکەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات. بەیانیان سواری ئاسانسۆرێک دەبێت و دەچێتە نهۆمی بیست و هەشتەمی ئەو ساختمانەی کە نووسینگەکەی لەوێیە و بووەتە شوێنی سزادانەکەی. ئێوارانیش دیسان لێی دێتەوە خوار...



_ ئەمە بە ڕاستی زەروورییە.

*ئەم کتێبەی ئیبن روشد کە پوختەی کۆماری ئەفلاتۆنە، هەوڵ دەدەم لێرەوە زوو بەشێکی دابنێم، وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە سیاسەت.

**ئەم ژمارانە بە ستانداردی جیهانی لەسەر هەر بڕگەیەکی کۆمار هەیە و ئێمەش لێرەدا وەک خۆیان دایاندەنێینەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی بۆ تێکستەکە بگەڕێتەوە.

سەرباز و پاسەوان لە کۆماردا
(دەبێت لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیاندا نەرمونیان و لەگەڵ دوژمنیشدا دڵڕەق و بەزەبر بن)

13
د 374

_ تۆ ڕاست دەکەیت، ئەگەر کارەکە پێچەوانەی ئەمە بووایە، ئەوا ئەم دەوڵەتەی کە تۆ باسی دەکەیت، زیاد لەڕادەی خۆی مرۆڤەکانی دەخستە نالەبارییەوە.

_ وتم: هەروا کە دەیبینیت، هەرچەندە گرنگیدان بە پاسەوانەکان زیاد بکەن، ئەوا پێویستیمان بە کات و هونەر و چاودێریکردنی زیاتر دەبێت.

14
د 375

_ لەڕاستیدا ئەرکەکەمان ئەوەندە ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا با قۆڵی ئازایەتی لێهەڵماڵین و تەواوی توانای خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ.

_ بە ڕاستی ئەمە پێویستە.

_ باشە، تۆ ئەو شتە دەبینی کە پەیوەندی بە (کاری پاسەوانی)یەوە هەیە، ئەو جیاوازییەی لەنێوان (سروشتی سەگی ڕەسەن و گەنجێکی ڕەسەن)دا هەیە.

_ مەبەستت چییە؟

_ مەبەستم ئەوەیە هەر یەک لەو دووانە دەبێت (هێزی چاودێریکردنی دوژمن)یان تێدابێت، (خێرایی پەلاماردان) و (توانایی شەڕکردن) لەگەڵ دوژمندا لەکاتی هێرشی ئەواندا.

15
د 375

_ بەڵام، ئایا ئەسپێک یان سەگێک یان هەر ئاژەڵێکی دیکە بۆ ئەوەی ئازا بێت، نابێت زۆر چاپووک و ڕقن (تووڕە) بێت. ئایا تێبینی ئەوەت نەکردووە کە چاپووکی هەرگیز نە دەبەزێت و نە سەر نەوی دەکات. ئەگەر دەروونێکی بەرزی هەبێت، ئەوا لە هیچ شتێک نە دەترسێت و نە نەرمی بۆ هیچ شتێک دەنوێنێت؟

_ بەڵێ تێبینی ئەوەم کردبوو.

_ هەر بەمشێوەیە ئەو خەسڵەتە بە ڕوونی دەبینی کە دەبێت لە پاسەواندا هەبێت.

_ بەڵێ.

_ هەروەها درکی ئەوەش دەکەیت کە خەسڵەتی دەروونیی پاسەوان بریتییە لە چاپووکیی لەڕادەبەدەر.

_ بەڵێ وایە.

_ بەڵام کێن ئەوانەی ئەم خەسڵەتەیان تێدایە؟ ئایا ئەمانە لە کردەوەکانیاندا بەرامبەر یەکدی و بوونەوەرەکانی دیکە دوژمنکارانە هەڵسوکەوت ناکەن؟

_ لەڕاستیدا هەروا ئاسان نییە بتوانن بەسەر ئەو شعوورەیاندا زاڵ ببن.

_ لەگەڵ ئەمەشدا، هەر (دەبێت لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیاندا نەرمونیان بن)، (لەگەڵ دوژمنەکانیشیاندا دڵڕەق و بە زەبر). هەرگیز خۆشیان تووشی ئازار و خۆکوشتن نەکەنەوە، دەبێت چاوەڕێی ئەوەبن لەلایەن دوژمنەوە بکوژرێن.

_ ئەمە ڕاستییە کە تۆ دەیڵێی.

_ بەڵام دەبێت لێرەدا چی بکەین؟ لە کوێ ئەو سروشتە بدۆزینەوە کە هەر یەکە لە (نەرمی و توندی) لە یەک کاتدا پێکەوە کۆبکاتەوە؟ هەم دژ بن و هەم پێکەوەش بن؟

_ بەڵێ ئەمە تەواو ڕوونە.

_ هەربۆیە، ئەگەر پاسەوانێک یەکێک لەم خەسڵەتانەی هەبوو (نەرمی و توندی) ئیتر ئەو پاسەوانە بە کەڵکی کارەکەی نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەی ئەم دوو خەسڵەتە لێکدژە پێکەوە ناکردەیە. ئەگەر بەمشێوەیە بێت، ئەوا ئێمە ناتوانین پاسەوانێکی تەندروست و ڕەسەنمان هەبێت.

_ منیش لەوە دەترسم کارەکە بەو شێویە بێت.

_ واتە چۆن؟

_ لێرەدا بۆ ساتێک تووشی سەرسامی بووم، ئەوەش کاتێک بوو کە ئەوەی وتمان لە زەینمدا بیرم لێکردەوە، گەیشتم بەوەی: باشە دەبێت ئەوە ڕاست بێت و ئێمە لێرەدا بگەینە بنبەست، کەواتە ئێمە لەو پەندەی بۆ خۆمانمان داناوە تەواو دووردەکەوینەوە.

_ مەبەستت چییە؟

_ مەبەستم ئەوەیە کە لەڕاستیدا هەندێک سروشت هەیە لە توانایاندایە ئەم خەسڵەتە لێکدژانە لە خۆیاندا کۆبکەنەوە.

_ دەی ئەمە چۆن دەبێت؟

_ ئەمە لە هەندێک لە ئاژەڵاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بە تایبەت لەو جۆرەی کە ئێمە بە پاسەوانەکانی خۆمانمان بەراورد کردبوو. تۆ باش ئەوە دەزانیت کە (سروشتی سەگی ڕەسەن) ئەوەیە (نەرمونیانە بەرامبەر خاوەنی و ئەوانەی کە دەیانناسێت)، تەواو پێچەوانەشە بەرامبەر ئەوانەی کە نایانناسێت.

16
د 376

_ بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە پاسەوانێکدا هەبێت، بەردەوام پێویستی بەو خەسڵەتە تایبەتە هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی کەماڵی خۆی بگات، بە تایبەت لە کردەی پاسەوانێتیدا، ئەمە ئەوە نییە کە لە هەمان کاتدا خەسڵەتی فەیلەسوفیشە؟

_ تێناگەم مەبەستت چییە.

_ ئەو خەسڵەتەی کە باسی دەکەم، ئەوەی کە دەشێ لە سەگیشدا هەستی پێبکەین، باشە ئەمە نابێت ڕێزی لێبگیرێت؟

_ کامە خەسڵەتت مەبەستە؟

_ مەبەستم لەوەیە، سەگ کاتێک نامۆیەک دەبینێت ڕادەپەڕێت، ئەگەر هیچ زیانێکیشی بۆی نەبووبێت. لەکاتێکدا پێشوازی لە ناسیاوەکانی دەکات، ئەگەر هیچ سوودێکیشیان بۆی نەبێت. ئایا تۆ پێشتر ئەمەت لە سەگدا تێبینی نەکردووە؟

_ لەڕاستیدا من هەرگیز سەرنجی ئەمەم نەداوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سەگ ئەوە دەکات کە تۆ دەیڵێی.

_ ئەوە مناقەشە هەڵناگرێت کە ئەم خەسڵەتە چاکە و لەڕاستیشدا خەسڵەتی فە یلە سو و فە کا نە .

_ چۆن؟

_ چونکە فەیلەسووف لەسەر بنەمای ناسین (مەعریفە) دۆست و دوژمنی خۆی لێکجیادەکاتەوە. تۆش ئەمە لە سەگدا دەبینیت کە بنەمای خۆشەویستی و ڕقی لەسەر بنەمای ناسین و نەناسینە. پێدەچێت سەگ لەوانە بێت کە دۆستی ناسینە.

_ ناکرێت پێچەوانەی قسەکەی تۆ هەرگیز ڕاست بێت.

_ باشە، بێگومان دۆستی ناسین (مەعریفە) و دۆستی دانایی (حیکمەت)، واتە فەیلەسووف هەر یەکێکن؟

_ بە ڕاستی هەردووکیان هەر یەکێکن.

_ دەی کەواتە با بگەینە ئەوەی کە (نەرمینواندنی مرۆڤ) بۆ دۆست و ناسیاوەکانی ئەوە دەخوازێت کە ئەو مرۆڤە بە سروشت فەیلەسووف و دانایی خۆشدەوێت.

_ بەڵێ دەتوانین لەوە دڵنیا بین.

_ کەواتە، ئەو کەسەی کە ئێمە دەمانەوێت پاسەونێکی ڕەسەن و دروست بێت بۆ دەوڵەتەکەمان، دەبێت توانای ئەوەی هەبێت لەخۆیدا فەلسەفە و چاپووکی و بەرەنگاری و هێز لە هەمانکاتدا کۆبکاتەوە.

---

سەنگەر زراری



(2014ز)}

تەنانەت سۆفییەکان بۆ خۆشەویستی خودا ئەوەندە باڵا دەڕوانن کە هەندێ جار پێغەمبەر و ئەولیاکانیش تێدەپەڕێنن، یان کە لە دەرەوەی ئەوانەوە بۆیان دەڕوانرێ، ئەو گومانەیان پێ دەبرێ، بۆ نموونە ڕابیعەی عەدەویە (717-796ز) کە یەکێکە لە ئافرەتە خواپەرست و ئەولیا و عارفە بەناوبانگەکانی دنیای ئیسلامی و لە نێو سۆفیگەریشدا بە ڕابەری ڕێبازی عیشقی ئیلاهی دادەنرێت، کاتێک لێی دەپرسن: پێغەمبەری خوات خۆشدەوێ؟! ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: خۆشەویستیی خوا ئەوەندە دڵی پڕکردووم، لە دڵمدا شوێن بۆ هیچ خۆشەویستییەکی دیکە نەماوە. ئەمە ئەگەر هەڵبەستراویش بێت (وەکو هەندێک دەڵێن)، بەڵام نیشانەی ئەوەیە کە سۆفی و عارفان تا ڕادەی زیادەڕەوی، خۆشەویستی بۆ خوا دەردەبڕن، لەم ڕۆمانەشدا شتێکی لەوجۆرە لە ئیبن عەرەبی بەدی دەکرێت: هەر بۆیەش دەگاتە ئەوەی تۆمەتباری بکەن و لێی دەپرسن: "ئەو قسەیەی کە دەڵێی: ئەولیا لە ئەنبیاکان باشترن. کەی ڕاستە؟!...ل415".

ژیانی ئیبن عەرەبی (وەک لەم ڕۆمانەشدا دەردەکەوێ)، وەکو ژیانی نووسەر یان گەڕیدەیەکی ئاسایی نییە کە دابنیشێ و بخوێنێتەوە و لە ڕێگای زۆر خوێندنەوە و موتاڵاکردنەوە دەست بە نووسینی کتێبان بکات، ئەو دەگەڕێ و دەسووڕێ، دەیەوێ لە ڕێگای ئەم گەڕان و سووڕانەوە هەم ڕێگای سۆفیگەرانەی خۆی ببینێتەوە و بە مێخەکانی خۆی بگات، هەم ڕابمێنێ و بیربکاتەوە و لەڕێگای ئەم ڕامان و بیرکردنەوانەوە، تێزەکانی بخاتەڕوو: "ئاخر هێندێک جار ئەوەندەی قاچ بەدەم ڕۆیشتنەوە شت دەخوێنێتەوە، چاو لەنێو پەڕی کتێباندا ئەوەندەی پێ ناخوێنرێتەوە...ل437".

لەم ڕۆمانەدا ئیبن عەرەبی خۆی حیکایەتخوانی ڕووداوەکانی ژیانی خۆیەتی، بەدڵ و دەروونێکی عیرفانی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تەنانەت تا ئەو کاتەی لەکۆتاییدا دەشمرێ و لەگۆڕ دەنرێ، خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و باسی شووشتنی تەرمەکەی و لەگۆڕنانی خۆی و ناڵە و هاواری دەوروبەرەکەی دەکات، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ حاڵەتێکی سۆفیگەرانە کە بە دڵ و نەست، درک بە ڕووداوەکان دەکەن و وەکو کەسانی ئاسایی نین کە تەنیا ڕووکەش ببینن.

هەڵبەت ئەم جۆرە ڕۆمانە بەدەر نییە لە ئیشکالیەت، چونکە ڕۆماننووس ژیانێک بۆ کەسێکی دیکە دادەتاشێ کە بە دڵنیاییەوە وردەکارییەکانی ژیانی بەتەواوی نازانێ، بۆیە ناچارە لەلایەک لە ڕێگای ئەو نووسینانەی خودی نووسەرەکە و ئەو نووسینانەی لەبارەی ژیانییەوە هەن بەشێکی ژیانی بگێڕێتەوە، لەلایەکی دیکەش لە ڕێگای خەیاڵ و فەنتازیاوە ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە لە نووسراوەکان بەدەستی نەکەوتوون، بەمەش لای خوێنەر هەم تێکەڵییەک لە نێوان ڕاستی و خەیاڵەکە دروست دەبێت و هەم دواجار لەوانەیە لای بەشێکی خوێنەران، تەواوی دەقەکە وەکو ڕاستییەکی مێژوویی سەیر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بزانین کە ڕۆمانی ژیاننامەیی، یەکێکە لە بەچێژترین جۆرەکانی ڕۆمان، بەتایبەتیش ئەگەر ئەم نووسەرە لە تەوزیفکردنی ژیاننامەکە سەرکەوتوو بێت، ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لەو ڕۆمانانەی هەم نووسەر تێیدا سەرکەوتوو بووە و هەم وەرگێڕیش حەقێکی تەواوی وەرگێڕانەکەی داوە و ئەوەندە جوانی وەرگێڕاوە، کە دەڵێی دەقێکی بەکوردی نووسراو دەخوێنییەوە، نەک وەرگێڕان.

هاوکات لە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ گەڕان و سووڕانی ئیبن عەرەبی لەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا، ڕۆماننووس بەندێکی داناوە کە باس لە دەستنووس و کتێبەکانی ئیبن عەرەبی دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن لەدوای مردنی ئیبن عەرەبییەوە، نووسین و دەستنووسەکانی بەناو ساڵ و دەیە و سەدەکاندا تێدەپەڕێت و دەستاودەست دەکات و دەپارێزرێت، ئەم گەڕانەش لە ساڵی (1248ز) لە حەلەب دەستپێدەکات و تا ساڵی (2012ز) لە بەیرووت درێژ دەبێتەوە، هەر بەندێکیش لەلایەن کەسێکی جیاواز و ساڵ و سەدەیەکی جیاواز دەگێڕدرێتەوە، هەر یەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان گرنگیی دەستنووس و نووسراوەکان دەردەخەن، بۆ نموونە یەکێک لە بەندەکان ئاماژەی "دەستنووسێک لە دیمەشقەوە: 1290ک/1873ز"ی لەسەرە و ئەم بەندە لەلایەن میر عەبدولقادری جەزائیری دەگێڕدرێتەوە، عەبدولقادر جەزائیری (1808-1883ز) بە شۆڕشگێڕ و جەنگاوەرێکی گەورە دژ بە داگیرکاریی فەڕەنسی بەناوبانگە، بەڵام هاوکات نووسەر و شاعیریش بووە، ئەو باسی ئەوە دەکات کە کاتێک دەستنووسەکەی ئیبن عەرەبییان بۆ هێناوە، یەکسەر چووەتە کتێبخانەکە: "لەنێو کتێبخانەدا بەدوای شوێنێکی گونجاودا دەگەڕام، بۆ ئەوەی دەستنووسە نایابەکەی شێخی مەزنی لێ دابنێم، بەرەو ئەو سووچە چووم کە دیارییەکانم لێ دانابوون، مەدالیای شەڕەفی جەوقەی فەڕەنسی و ویسامی هەڵۆی سپیی ڕووسی و سەلیبی پاپا بیۆسی نۆیەم و نیشانەی شکۆی عوسمانی و دوو دەمانچەی ئەمریکی و چەکێکی ئینگلیزیم لەوێ بوون، هەموویم وەلانان، هەروا هەموو ئەو دیارییانەی لەدوای کوژانەوەی فتیلەی فیتنەکە لە کۆگەکە کەڵەکە بووبوون، هێندە زۆر بووبوون، ئەگەر خۆم لامنەدابان، خۆیان وەلا دەنا و ئەو کتێبە جێگەیانی دەگرتەوە...ل461".

هەڵبەت گرنگترین شت و جێی شانازیی هەر جەنگاوەرێک، چەک و ویسامی شەڕەف و ئەو شتانەیە کە پەیوەندییان بە شانازیی جەنگ و کاری سەربازییەوە هەیە، بەڵام دەبینین لێرەدا میر عەبدولقادر جەزائیری ئەو هەموو ئەو شتانە وەلا دەنێ و جێیان بۆ دەستنووسەکە چۆڵ دەکات و کتێبەکە لە شوێنی چەک و میدالیاکانی سەرکەوتنی جەنگ دادەنێ، ئەمەش وەک سیمبولێک بۆ باڵاکرنی کتێب و وشە، بەسەر چەک و شانازییە جەنگییەکاندا.

محیەدین محەممەد عەلی محەممەد حاتەمی تائیی ئەندەلووسی (1164-1240ز)، یەکێکە لە گەورە سۆفییانی مێژووی ئیسلامی و بە شێخی گەورە (الشیخ الأکبر) ناوبانگی دەرکردووە، لە مورسییە لە ئەندەلووس لەدایکبووە و لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە.

ڕۆمانی مەرگێکی بچووک لە نووسینی نووسەری سعودی "محەممەد حەسەن عەلوان"ە و بۆ ساڵی (2017) خەڵاتی بووکەری عەرەبی پێدراوە کە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبییە لە جیهانی عەرەبیدا و ساڵانە دەدرێتە باشترین ڕۆمانی عەرەبی.

* مەرگێکی بچووک (ڕۆمانێک لەبارەی ئیبن عەرەبییەوە)- محەممەد حەسەن عەلوان، وەرگێڕانی: حەیدەر عەبدوڵڵا، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، چاپی یەکەم (2018).

---

# دیداری غوربەت و زامداریی نیشتمان

سەباح شێخانی



کتێبی (دیداری غوربەت و زامداریی نیشتمان) زنجیرەیەک دیداری تایبەت و ئەدەبی لەگەڵ گەورە ڕۆماننووس و شاعیرانی جیهان لە وێنەی ڕەسوڵ حەمزەتۆف (1923-2003)، یەشار کەمال و ئەلبێر کامۆ (1913–1960) و چەندین داهێنەری گەورەی بواری ڕۆمان و شیعری لەخۆ گرتووە، سەرباری خوێندنەوە و لێدوان لەبارەی ڕۆماننووسانی جیهان و ڕۆمانە ناودارەکان و شاعیرانی گەورەی دونیا و شیعر و بەرهەمەکانیان. ئەو کتێبە لە نووسین و وەرگێڕانی (عەبدولڕەحمان فەرهادی)یە، یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، لەو کتێبەدا دەقی دیمانەیەکی ڕەسوڵ حەمزەتۆف بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکی دیمانەکەدا هاتووە: "من هەر لە منداڵیمەوە مەحبووب بوومە لای خەڵک و هەر ئاواش دەمێنمەوە، بە درێژایی دەیان ساڵ لەبارەی سێ شتەوەم نووسیوە: وڵات و زەمەن و ژن. بەر لەوە و دوای ئەوەش پەیامنێری بەردەوامی داغستان دەبم لە هەموو دونیادا". کاتێک دیداری غوربەت و زامداریی نیشتمانم خوێندەوە، یەکسەر بیرم بۆ کتێبی "داغستانی من" چوو کە بەر لە چەندان ساڵ مامۆستا عەزیز گەردی لە زمانی ئینگلیزییەوە بە زمانە جوان و پاراوەکەی وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی.

لە (داغستانی من) دا، حەمزەتۆف دەڵێت: "بنیادەم پێویستی بە دوو ساڵان هەیە تا فێری قسەکردن دەبێت، بەڵام پێویستی بە شەست ساڵ هەیە تا فێری بێدەنگی دەبێت، من خۆم نە ڕۆڵە دوو ساڵانەکە و نە پیاوە شەست ساڵانەکەم، ڕەنگە لە نیوەی ڕێگادا بم، بەڵام خۆیشم نازانم بۆ هەمیشە وا مەزندە دەکەم کە خەریکە لە شەستەکان نزیک دەبمەوە". هەروەها نووسیویەتی: "لە کاتی سەفەرکردنمدا ماڵئاواییم لە سێ ئافرەت کرد. یەکەمیان کە پاڵی بە درەختێکەوە دابوو بێ ئەوەی سەری دابنەوێنێ گوتی: ئەگەر بیرت کردم بۆت ناگریم. دووەمیان لەبەر دەرگا جەڕەیەکی پڕی بەدەستەوە بوو گوێم لێ بوو دەیگوت: زوو بگەڕێوە ها.. بەڵام سێیەمینیان بێ ئەوەی تەنیا وشەیەکی لە دەم دەرچێ، بەڕێی کردم. بەڵام لەگەڵ ئاوابوونم لە چیای یەکەم، ئەوەی یەکەمیانم لەبیر کرد. ئەوەی دووەمیشیانم بە هەناسەیەکی هێور لە دوای ئاوابوونم لە چیای دووەم لەبیر کرد.. بەڵام دوای تێپەڕبوونم بە هەموو چیاکاندا، نەمتوانی ئەوەی سێیەمیان لەبیر بکەم. ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە نێوان هەموویاندا، تەنیا بیر لەو دەکەمەوە. ئێمە جگە لە تەنیا ژیانێک نەبێت هیچی دیکەمان نییە، خۆ ئەگەر پتر لە ژیانێکمان هەبووایە، ئەوە دەمانتوانی خۆشەویستیی خۆمان بە جۆرێک بچێنین کە پەخشی سەر هەر هەموو لایەک بێت. من ئەوەندەم بەسە کە خۆشەویستی لە هەموو قەسیدەکانمدا بە زیندوویتی دەمێنێتەوە، تازە بەو تەمەنە کاتێکی ئەوتۆم بە دەستەوە نەماوە تا لەسەر شتی تووڕەهات بنووسم، شوکر بۆ خوا کەس بە من ناڵێ بلیمەت، بلیمەتەکان ئەوانەن کە کارێک دەکەن ئەوانی دیکە بۆیان ناکرێ، ئێستا ئێمە لە ڕووسیا شتێکمان بۆ پەیدا بووە ناوی بازاڕ. لەو بازاڕەدا نرخی تەماتە لە نرخی مرۆڤ گرانترە. دەکرێ لە ڕووسیا هەموو شتێ بکڕی. ویژدان، پاڵەوانێتی، بەهرە و جوانی، شیعر و موزیک، هەندێ جاریش دایکایەتی".




ئەوەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، پێش چەندین ساڵ خوێندوومەتەوە و هەمیشە لە یادمە کاتێک حەمزەتۆف لە داغستانەکەیدا، لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێت: "ژیانی من ڕەشنووسێکە ئاواتی ئەوەم بۆ دەخواست خوا دەرفەتی دابوومایە کاتم هەبووایە بۆ ئەوەی پێیدا چووبامەوە و ڕاستم کردایەتەوە".


داغستان ئەو وڵاتەیە کە زیاتر لە (30) نەتەوە و زمانی جیاوازی تێدایە، لە کاتێکدا تا ئێستاش ژمارەی دانیشتووانەکەی نەگەیشتووەتە (3) ملیۆن کەس. ئەو کاتەی حەمزەتۆف کتێبەکەی نووسیوە، ژمارەی دانیشتووانی یەک ملیۆن و نیو بووە.

حەمزەتۆف، ناوبانگی خۆی لە وڵاتە بچووکەکەی (داغستان) زیاترە و لە گەلێ شوێن و وڵات و لای زۆرێک لە نووسەرانی دونیا، بەهۆی ئەم کتێبەوە خەڵک دەزانێ وڵاتێک هەیە بەناوی داغستان.

ژانرە ئەدەبییەکان، لەمیانی تێکستە زیندووەکانیانەوە لە جەنجاڵیی ژیان دوورمان دەخەنەوە و دونیایەکی جیاوازمان لەبەرچاودا بەرجەستە دەکەن.

---

# ...ولیدا



لە هایکۆدا بە چەند وشەی بوێرانە و پڕ مەعنا دەیانکرد، بە زمانی ئینسانی ئیمڕۆ، بە وێناکردنەوەی دەروونیی مەعناکان لە جیهانێکی ڕاستتر لە جیهانی واقیعدا، دەیکاتەوە و زۆر ئازایانە، بە مینیماڵێک ڕێنوێنیمان دەکات تا مرۆڤ بناسینەوە لە کاتی ئەو شەڕە دێرینەیدا و تامی حوزور دەبەخشێتەوە بە فامی ئادەمیزاد، تەنها بە هەلێکی چەند چرکەیی لە توێی مینیماڵێکدا...

## نووسەر و وەرگێڕ شێرکۆ هەژار:

# هیچ وەرگێڕانێکی باشم نەبینیوە کە لەم ماوەیەدا لە کوردستان کرابێت

پاچڤە (وەرگێڕان)، هێندێک نووسەر و وەرگێڕ دەڵێن زانستە، هێندێکی دیکەیان دەڵێن هونەرە، لە کن بەشێکی تریان هەرتکیان دەگرێتەوە. بێگومان هەمووشیان بەڵگەیان هەیە و بۆ پشتئەستووریی بۆچوونەکەیان پشت بە بەڵگە دەبەستن. پیاوێک لەدایکبووی 1946ی موکریان کە شەهید پێشەوا قازی محەممەد ناوی ناوە "شێرکۆ"، تەمەنی شەش هەیڤ بووە کە باوکی "هەژار موکریانی" لە مەهاباد هەڵاتووە، ئەو لە ماڵی مامی گەورە دەبێت. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، لە شاری بەغدا بە باوکی شاد دەبێتەوە. دواتر لە نزیک قامشلو لەگەڵیدا ژیاوە. شێرکۆ هەژار لە بەغدا فەرمانبەر بووە، ماوەیەک لە "کاژیک"دا چالاک بووە و ئێستە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نییە، ئەو وەکوو هەژاری باوکی چەندان کتێبی بە نرخی نووسیون و وەرگێڕاون، پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە کتیبەکانی خۆی هەیە. ماوەیەکی زۆرە لە هۆڵەندا دەژێت. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)، لە بارەی وەرگێڕانەوە، وەڵامی چەند پرسیارێک، وەک خۆی دەڵێ، "بەکورتی و پوختی" دەداتەوە:

**هەڤپەیڤین: ژیڤان خۆرانی**



> وەرگێڕانی باش و ڕەخنەی باش یەکتر دەوڵەمەند دەکەن

> هەژار وەرگێڕێکی چاکی شیعر بوو، کامیل بۆکانی-یش لەوەدا بلیمەتە

**ژیڤان: وەرگێڕان چییە؟**
**شێرکۆ:** وەرگێڕان، وەکو شیعر و ڕۆمان و شانۆ، هونەرێکە لە دنیای زانیاری کە لە ڕۆژئاوا پێی دەڵێن ئالفا؛ کۆسپی نەزانینی زمانێکی کە شتێکی پێ نووسراوە، لەبەردەم خوێنەر هەڵدەگرێت .

**ژیڤان: کێ وەرگێڕێکی سەرکەوتووە، بە کێ دەگوترێ وەرگێڕ؟**
**شێرکۆ:** ئەویش وەکو شاعیری سەرکەوتوو و نووسەری سەرکەوتوو، بە کەسێک دەگوترێت کە لە هونەرەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت.

**ژیڤان: ڕەوشی وەرگێڕان بە گشتی لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی چۆن دەبینی؟**
**شێرکۆ:** ئاگاداریی من، لەوەتای دوور لە وڵات دەژیم، زۆرتر هەر لە ڕێگای ئینتەرنێتەوەیە و، بەدەگمەن کتێبی چاپکراوی وەرگێڕانی کوردی دەبینم . لەم چل ساڵەی دواییدا وەرگێڕانی وەکو ئەوەی "سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی"ی ناکام و، "کوردستان و کورد"ی مامۆستا حەسەنزادەم نەدیتووە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئاگام لە یەک وەرگێڕانی باشیش نییە کە لەو ماوەیەدا لە کوردستان کرابێت . زۆری خراپم دیتوون، هێندێک لە هێندێکی تر خراپترن. بەڵام ئیتر وەک گوتم من زۆر ئاگاداری دنیای کتێبانی کوردستان نیم، نازانم ئەگەر هەبن و من پێم نەزانیبێت.

**ژیڤان: زمانزانین مەرجە بۆ وەرگێڕان، یان ئایا ئەوەی زمانێک بزانێت دەتوانێت دەست بداتە وەرگێڕان؟**
**شێرکۆ:** پرسیارەکەم زۆر لێ ڕوون نییە . تەبیعی زمانزانین بۆ وەرگێڕان پێویستە. وەرگێڕ دەبێت چاک لەو شتە بگات کە وەریدەگێڕێت، هیچ گومانێکی لە مانای شتێکیدا لا نەمابێتەوە، ئەوجا بتوانێت ئەو مانایە بە زمانەکەی خۆی دابڕێژێت. ڕاستە نموونەی "ئەلمەنفەلوتی"ی میسریش هەیە، کە خۆی زمانی فەرەنسی و ئینگلیسی نەزانیون، کەسێک کە ئەو زمانانەی زانیون پێیگوتووە چیی تێدایە و، ئەو بە عارەبیی زۆر دەوڵەمەندی خۆی دایڕشتووە، بەڵام ئیدی ئەو خۆی وەرگێڕ نەبووە، شتێکی بە عارەبییەکی سادە لە کەسێک بیستووە و لای خۆیەوە بە عارەبییەکی ئەدەبی دایڕشتووە، ئەوە دەبێتە نووسینی عارەبی نەک وەرگێڕان.

**ژیڤان: ئایا گرنگە وەرگێڕ، بابەتێک، دەقێک، کتێبێک وەربگێڕێت کە نزیک بێت لە جیهانبینیی خۆی؟ ئەگەر سەروکاری لەگەڵ ئەدەب هەیە، ئایا دروستە دەست بۆ وەرگێڕانی نووسینی فەلسەفی و هی دیکە ببات، کە ڕەنگە هیچی لەبارەی دەستەواژەکان نەزنە و تبێت؟**
**شێرکۆ:** ئەم پرسیارە مەیدانێکی زۆر بەرین دەگرێتەوە . دەڵێن هەژار لە وەرگێڕانی کتێبەکەی "ابن سینا"دا زۆر سەرکەوتووە، لەکاتێکدا ئەو کتێبە زانستی بژیشکییە و، هەژار هیچی لە بژیشکی نەدەزانی، بەڵام هەژار توانیویە مانای هەمووی ساغ بکاتەوە، لێی دڵنیا بێت، تاکو بە فارسی دایبڕێژێت . چاک تێگەیشتنی ئەسڵ پێویستە، بەڵام چەند کەس هەن بتوانن چاک لە مانای ئەسڵی نووسینێکی فەلسەفی بگەن بەبێ ئەوە کە شارەزای دنیای فەلسەفە بن؟ پرسیارەکە لێرەدایە .

**ژیڤان: پێت وایە وەرگێڕدراوەکان وشەی کوردییان تێدا زیندوو دەکرێتەوە؟ ئێوە کارتان لەسەر ئەو بابەتە کردووە؟**
**شێرکۆ:** من بۆ فێربوونی کوردی ئەو شانسەی هەژار و هێمن و کەسانێکی تری وەکو ئەوانم نەبووە کە لە دێ گەورە ببم و کوردییەکی باش لە سەرچاوەکەیەوە فێر ببم، لەبەرئەوە ئەگەر بتوانم لە ڕێگای دارشتنی وەرگێڕانەوە هیچ تەئسیرێکم بەسەر زمانی کوردیدا هەبێت، ئەوا مەگەر هەر زۆر کەم بێت و ئەوەش هەر لە چوارچێوەی هونەری وەرگێڕاندا بمێنێتەوە . بڵێین، من زۆربەی " ئاغا و شێخ و دەوڵەت"ی "فان بروونەسن"م وەرگێڕاوە، هەرکەسێک بیخوێنێتەوە، مەگەر هەر بەهۆی ئەوەوە کە لەسەری نووسراوە وەرگێڕانە بزانێت کە وەرگێڕانە، ئەینا وەکو ئەوەیە کە خۆم نووسیبێتم، لەکاتێکدا کە ئەسڵەکە پڕە لە زاراوەی سۆسیۆلۆجیی زۆر وشک . من لێرەدا خۆم لە وەرگێڕانی زۆر زاراوە پاراستووە، بەبێ ئەوە کە تۆزقاڵێک لە ئەمانەتی وەرگێڕان و گەیاندنی تەواوی زانیارییەکە کەم ببێتەوە، دە ئەوە پتر پێوەندیی بە هونەری وەرگێڕانەوە هەیە نەک زیندووکردنەوەی وشەی کوردی بۆ جێگرتنەوەی هیچ زاراوەیەک، بەڵام بۆ کەسێک کە- بڵێین- لە ئاکادیمیادا کار لەسەر زاراوەسازی بکات، سەرنجدانی وەرگێڕانی وەها دەکرێت کەڵکی بۆی هەبێت.

**ژیڤان: وەرگێڕان لە زوانی سێیەم و چوارەمەوە دوورکەوتنەوە نییە لە مەبەستی بنووس و دەق تاموچێژی خۆی لەدەست نادات؟**
**شێرکۆ:** دەبێت وابێت، هەر زمانە تاموچێژی خۆی هەیە و، بە ئەوەندە زمانەدا تێپەڕین بەگشتی وەهایە کە زۆر لە ڕووحی ئەسڵەکە لەدەست دەدات .

**ژیڤان: ئایا دەکرێ وەرگێڕێک لە هەموو ژانرەکانی وێژە کار بکات و بابەتەکان وەرگێڕێت؟**
**شێرکۆ:** لەڕووی تیۆرییەوە بەڵێ، خۆ دافینچی زۆر شتی بەجارێک پێکراوە، لە ئەورووپاش کەسانێک هەن لەو ڕووەوە زۆریان پێ دەکرێت، بەڵام وشەی "هەموو"ی کە لە پرسیارەکەدا هەیە ڕەنگە بەگشتی زۆر بێت، چونکە ژانرەکان زۆرن، کەم نین.

**ژیڤان: کێ وەرگێڕێکی مەلەوانە، دەتوانێت لە دەریای نووسیندا مرواری بژار بکات؟**
**شێرکۆ:** ئەگەر باش لە پرسیارەکە گەیشتبم، مەبەستی لەوەیە، کێ دەتوانێت نووسینی چاکی شایانی وەرگێڕان بدۆزێتەوە تاکو وەریبگێڕێت . من- وەک گوتم- بە وردی ئاگادار نیم چ کتێبانێک وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی . هەڵبژاردنی "سیاحەتنامە" لەلایەن "ناکام"ەوە هەڵبژاردنێکی چاک بووە، وەرگێڕانی "شەرەفنامە" پێویست بووە، وەرگێڕانی "مەم و زین" یا "مەولەوی" یش لە شێوازێکی کوردییەوە بۆ سەر شێوازێکی تر، کاری چاک بوون، بەڵام هێشتا ئێجگار زۆر نووسینی گرنگ لە دنیادا هەن کە وەرنەگێڕدراون و، زۆر شتیش هەن کە ڕەنگە وەرگێڕانیان هەر پێویست نەبووبێت . بەرنامەیەک لەو ڕووەوە لە ئارادا نییە .

**ژیڤان: هێندێک لە بەنێو وەرگێڕەکان جگە لەوەی دەقی یەکەم دەشێوێنن و هەرگیز مانای دەقی ڕاستینە ناگەیەنن، زمانیش تێکدەدەن، ئایا چۆن دەتوانرێ ڕێگە لەم دەردە بگیرێ و هەتوانی دەسگیر بێت؟**
**شێرکۆ:** پچڕانی شیرازەی زۆر شت، لە وڵاتی ئێمەدا، پێوەندیی بە کەم پەرەسەندوویی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هەیە . سەرپەرشتیی ئەنستیتو و زانکۆکان و ئاکادیمیا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە وڵاتدا، پێویستی بە کەسانێکی لە ئاستێکی تایبەتی هەیە کە بەشێک بن لە جەرگەی هەرە سەرووی دەسەڵات، ئەوە هێشتا لە کوردستان نیە.

**ژیڤان: زۆربەی وەرگێڕەکانی کورد هەترەشیان لە ڕەخنە چووە، بۆچوونی ئێوە چییە لەمەڕ ڕەخنەوە؟**
**شێرکۆ:** دیسان، بەداخەوە کە من ڕەخنەکان و ئەوەی ڕەخنەیان لێ گرتوون نەمدیتوون، بەڵام وا دێتە بەرچاوم کە وەرگێڕەکان لە ئاستی پێویستی کارەکەیاندا نەبن . هیچ کوردێک نیە بڵێت من زۆر بە باشی لە "سیاحەتنامە" ناگەم، وەرگێڕانێکی ڕەوان و خۆش کە هەر هەست پێناکەیت وەرگێڕانێکە لە تورکییەکی عوسمانیی پێش چەند سەدە وەرگێڕدراوە، دە من نووسین و وەرگێڕانم لە گۆڤارێکی کوردیدا دیت کە پەشێو لە فنلەنداوە بۆی ناردبووم، هەر ئەسڵەم نەمزانی باسی چیی دەکرد، نە زانیم مەوزووعی نووسینەکە چی بوو، نە زانیم وەرگێڕانەکەی کە تێدا بوو دەیەویست چی بڵێت! ڕەخنە و کاری نووسین و وەرگێڕان یەکتر تەواو دەکەن، ئەگەر وەرگێڕان بەڕاستی وەرگێڕان بێت و، ڕەخنەش بەڕاستی ڕەخنە بێت، ئەوا یەکتر دەوڵەمەند دەکەن.

**ژیڤان: زۆری بەرهەمی پاچڤە، متمانە بۆ وەرگێڕ مسۆگەر دەکات، ئەگەر بەڵێ بۆچی، ئەگەر نەخێر بۆچی؟**
**شێرکۆ:** ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکە ئەوە بێت کە ئەگەر وەرگێڕ زۆر شت وەربگێڕێت ئەوسا بە وەرگێڕ دادەنرێت، دیارە هەر وەک ئەگەر کەسێک هەر یەک- دوو شیعری گوتبێت بە شاعیر دانانرێت، وەرگێڕیش بە وەرگێڕانێک و دووان پێیناڵێن وەرگێڕ، هەرچەندە ڕەنگە ئەوەش بێئینسافیی تێدا بێت، چونکە دەکرێت کەسێک یەک شتی لە ژیانیدا وەرگێڕابێت و چاکی وەرگێڕابێت و، کەسێکی تریش بیست کتێبی زۆر خراپ وەرگێڕابن، دە من یەکەمەکەیانم پێ وەرگێڕە، نەک دووەمەکە.

> وەرگێڕانیش وەکو نووسین و شیعر سەنعەتێکە

> من زۆر هۆگری "چارلز دیکنز" و " ئاناتۆل فرانس"م

**ژیڤان: کەڵک و قازانجی وەرگێڕان لە مێژووی کورددا چی بووە؟**
**شێرکۆ:** ئەمەش پرسیارێکی زۆر بەرینە. وەرگێڕانی شەرەفنامە یا سیاحەتنامە- بەنموونە- لە مێژووی خۆمان ئاگادار دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدەی ئینگلیس (ڕاستەوخۆ بۆ کوردی، یا تەنانەت خوێندنەوەی تورکییەکەشیان) تەئسیرێکی زۆری بۆ سەر ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی نوێی کورد هەبووە : گۆران و هەردی و شێخ نووری بەنموونە .

**ژیڤان: ئایا وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی یان شیعری، پێویستی بە زوانێکی شیعری هەیە، کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێ، چەژەی ئەدەبی دەگەیەنێتە دوند، یان هەموو وەرگێڕێکی ئەدەبی دەتوانێ دەقی شیعریی وەربگێڕێت؟**
**شێرکۆ:** من دەتوانم بڵێم شیعرێک لە فلانە زمان وەها دەڵێت، ئەوە مانا لێکدانەوەیە نەک وەرگێڕانی شیعر، وەرگێڕانی شیعر خۆی لقێکی سەربەخۆی وەرگێڕانی ئەدەبیاتە، کە- بەنموونە- لە توانای مندا نیە. هەژار وەرگێڕی چاکی شیعر بوو، کامیل بۆکانی لەوەدا هەر بلیمەتێکە، من وەرگێڕانی چاکی "هادی محەممەدی"یم دیتووە، وادەزانم کاک " ناسری حسامی"یش شیعر وەردەگێڕێت، هەرچەندە ئێستا باشم لە یاد نەماوە کە وەرگێڕانێکی وەهایم خوێندبێتەوە، بۆ ئەوە داوای لێبوردن دەکەم.

**ژیڤان: پێوەری وەرگێڕی باش و خراپ بەپێی زمانەکانی یەکەم و دووەمە یان ئەو بابەتەی هەڵیدەبژێرن؟**
**شێرکۆ:** وەرگێڕان، ئیتر وەک نووسین و شیعر، سەنعەتێکە، کێ سەنعەتەکە باش بزانێت وەرگێڕی باشە.

**ژیڤان: چۆن وەرگێڕ دەتوانێت، چێژی بەرهەمی بیانی بگەیەنێتە خوێنەر؟**
**شێرکۆ:** دەبێت سەرەتا وەرگێڕ خۆی چاک چێژ لەو بەرهەمە ببینێت، ئەوسا ئەگەر وەرگێڕ چاک بێت ئەوا ئەو چێژە لە وەرگێڕانەکەیدا هەستی پێ دەکرێت.

**ژیڤان: لەناو کوردا، بۆچی کۆپی ڕایت ڕەچاو ناکرێ، پێش ئەوەی بەرهەمی کەسێکی بیانی پاچڤە بکرێ، مۆڵەتی لێ وەربگرن؟**
**شێرکۆ:** ڕەنگە ئەوە دوو بەش بێت، یەکێکیان ئەوەیە کە خاوەنی ئەو "کۆپی ڕایت"ـە لە وەزعی کورد نەگات، بڵێت من ئەوەندەم پارە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی خۆم دەوێت و، وەرگێڕە کوردەکە نەیبێت. ئەوەکەی تریش زۆرتر هەر پێوەندیی بە پارەوە هەیە، چەند بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوە هەن و، پێوەندییان بە چالاکیی ئەو کارانە لە بازاڕی دنیادا چەندە ؟ لەدواییشدا، هەر دێینەوە سەر باسی "دامەزراوەکان"، ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتای ڕێکخستنی زۆر شتداین.

**ژیڤان: بەگشتی لە زمانی کوردیدا ئێستە وەرگێڕان زۆرترە لە دەقی خۆماڵی، چونکە نووسینی خۆماڵی چاپ ناکرێ، ئاوڕ لە نووسەرانی گەنج نادرێتەوە، دەگوترێ ئەو بوارەیش زۆروبۆریی تێکەوتووە و دەزگاکان ڕەچاوی بەرهەمی باش ناکەن و کتێبخانەی کوردی شێواوە، تێبینی ئێوە لەو ڕووەوە چییە؟**
**شێرکۆ:** من کێشەکە لە دەزگاکاندا دەبینم، دەزگای پسپۆڕی کاری ئەدەبیات بە گشتی لە دامودەزگای ئیدارەدا نیە، سیاسەت هەموو شتێک هەڵدەلووشێت و هەموو قسەیەک هەر هی ئەوە و، ئەویش هیچ بەرنامەیەکی نەتەوایەتی لەو ڕووەوە نیە.

**ژیڤان: بەڕای تۆ نهێنیی سەرکەوتنی وەرگێڕانەکانی مام هەژار چی بووە؟**
**شێرکۆ:** یەکەم شت، هەژار کوردییەکەی کە لە شەرەفنامەدا دەیبینین، زۆر دەوڵەمەندە . خوێنەر - دوور لە مەسەلەی وەرگێڕان - کەیفی بەو سامانەی وشەی زۆری هەژار دێت. ئەوجا هەژار شیعری زۆر چاک وەرگێڕاوە (لە شەوقی، ابو نواس، خەییام) . ناو و ناوبانگ و خۆشەویستیی خەڵکیش بێ تەئسیر نین.

**ژیڤان: ئەو شاکارانەی دنیا کامانەن کە نەکراونەتە کوردی و هیواخوازی بکرێنە کوردی؟**
**شێرکۆ:** بڵێم چی، ئێجگار زۆرن، دەریای ئەدەبیاتی دنیا هێندەی تێدایە . دۆن کیخۆتە (دۆنکیشۆت)، شکسپیر، من خۆم زۆر هۆگری "چارلز دیکنز" و " ئاناتۆل فرانس"م، چیخۆڤ ... زۆری دی.